# باڵندە گوولەکانی کوردستان، تاکەی عاشقی داری ژەقنەبووتی داگیرکەرانن؟

عێراق بە نموونە..!

هەڵۆ بەرزنجەیی ٩/١٠/٢٠١٩

لە ڕاستی و بابەتێتی دوور ناکەوینەوە، گەر بێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین، عێراق دەوڵەتێکی دەستکردی زۆڵەکە و ئیمپریالیزمی ئینگلیزییە و لەسەردەمی کۆلۆنیالیزم دا، لەسەر دەستی ونستن چەرچلی وەزیری کۆلۆنیالیست و سیر پیرسی گوکس و مس بیل و لۆرانسی عەرەب دروست کرا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییە دوور و نزیکەکانی خۆی دروستی کرد - وەک دابەشکردنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و لاوازکردنی تورک، دۆزینەوەی نەوت و بەجێهێشتنی چەند گەرایەک بۆ ئەو پێشهاتانەی لە ئایندەدا لە ناوچەکەدا چاوەڕوان دەکرا... -
دروستکردنەکەش ئەوەمان پێدەڵێ: عێراق ڕاستەوخۆ بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی هیچ میللەتێک نییە!. بەپێی سەرچاوە مێژوویی و دیکۆمێنتەکان، کورد وەک میللەتێک تا دوا هەناسە بەرگری لە دروستکردنی ئەم دەوڵەتە کردووە و چ وابەستەییەکی بەرامبەری نیشان نەداوە... لە ئەنجامی بەربەرەکانی توندی کورد بۆ لکاندنی کوردستان بە عێراقی تازە دروستکراوەوە. ئەم حاڵەتی نەبوونی هەست بۆ پێوەندارێتی عێراق و هیچ خۆ بە عێراقی نەزانینە بەدەوام دەبێت. پاشان ئینگلیز لە گەلێ هەوڵی سیاسیدا بۆ چەسپاندنی کوردستاب بە عێراقەوە بەهۆی شۆڕشەکانی شێخی نەمرە سەرکەوتوو نابێت. ئەوسا بیری بۆ بواری دیکە دەچێ. لەوانە لە ساڵی ١٩٢٦ دا، پێشنیاز بۆ مەلیک فیصل دەکات ڕێکخراوێک لە بەغدا دروست بکات بۆ یەکێتی و کۆکردنەوەی ئەندامانی نێوان کورد و عەرەب... تا کورد لە عەرەب نزیک ببنەوە و هێدی هێدی ناسنامەی عێراقیبوونیان لا شیرین بێت.
ئەوە بوو یانەی سەرکەوتن دروست کرا... پاشان ناملکەی «عرب والاکراد» بڵاوکرایەوە. هەموو ئەم هەوڵانە بۆ سازدانی ژینگەیەکی لەبار بوو بۆ عێراقچێتی و بەتایبەت کورد سۆز و وابەستەیی بۆ ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە نیشان بدات و لەژێر تاجی پادشایەتی فەیسەڵ دا، ئۆقرە بگرێت و پێکەوە ژیان لەگەڵ عەرەب دا پەسەند بکات!. مامە ئینگلیز مەرامەکانی بێ قڕە و بڕە جێبەجێ بکات .

: له کۆنگرەی قاهیره۱۹۲۱ دا بڕیار دەدرێ: »» کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ له لایەن ماندات/ مندوبی سامی بەڕێوه دەبرێ و به سەربەخۆیی لەعێراق دەمێنێتەوه تا ئەوکاتەی بیروڕایەکی گشتی کوردی باوەڕپێکراو ساز دەبێت، بلکێن به عێراقەوه»»+ ئینگلیز عێراقێکی دروست کرد، له ڕێگای کەمینەیەکی شەڕانگێزی خوێناوییەوە، به کولتوورێکی دواکەوتووی شوومەوه ، به ئاگر و ئاسن حوکمی کردووه. هیچ مافی نەتەوەیی و ئازادییەکی کەسی تێدا نەبووه. یەک ناسنامەی عەرەبی بەسەر تەواوی پێکهاتەکاندا سەپێندرا.. گەر بهاتایه، میللەتان و ئەقڵ و کولتوور و دەستوورێکی وەک ئەوەی سویسرایان بهێنایه و عێراقێکی چەشنی سویسرایان پێ قووت بکردایەوه، ئەوه ڕەنگه هەستی خۆ بەهاوڵاتی زانین بەرامبەر بەم عێراقه دروست بوایه!؟، به ساردی وکزیش بوایه سەری هەڵدەدا ..

ئەودەم ستراکچەری ئەقڵ و ستراتیژی کوردیش لەسەر بنەمایەکی تر دادەڕێژرا. بەڵام ئینگلیز عێراقێکی به مێژوو هەڵکشاو له خوێن و به سیستەم دیکتاتۆری کودەتاچی تەواو سەربازی قووتکردەوه و هەموو پشتیوانییەکی لۆگیستی لێ کرد،تا توانی لەسەر پێی ڕاگرێ.

عێراقچێتی له ڕوانگەی ئیسلامەوه:

له ئاینی ئیسلام دا جێگای حیزب و دەوڵەت و نیشتمان نابێتەوه... هەموو لەسەر زەوی لەژێر چەتری « ئوممەی ئیسلام دا» کۆبووینەتەوه و کەس خاوەنی هیچ نییه بەڵکو هەموو شتێ له ڕێی خوا و پێغەمبەرەکەی محەمەد دا دەکرێ و جیاوازی نێوان کەس و ڕەنگەکان نییه. نەتەوه و نەتەوایەتی و دەوڵەت و حیزب داهێنانی ڕۆژئاواییه کافرەکانن بۆ پارچەپارچەکردنی ئوممه و سەرزەمینی موسڵمان . بەس بۆ فەلەستینییەکان هەموو شتێ ڕەوا بوو. حیزب و دەوڵەت دروستکردن و فەلەستینچێتی، تەناتەت وەک موسڵمانێکی کورد خۆیشی بچێ بۆ غەزای جولەکه پێی ڕەوایه، بەبیانووی شەڕی زایۆنیزم .!

وەک زانیمان عێراق دروستکراوه بەم میکانیزمه و بۆ ئەو ئامانجه . کەواته باوەڕ و خەبات و شەڕی پاراستنی ئەم کیانه دەستکردەی کۆلۆنیالیزمی گڵاوی دوژمنی باوەکوشتەی ئیسلام، ئامانج لێی پارچەپارچەکردنی جیهانی ئیسلامییه، چ مانایەک دەبەخشێ؟!. ئاخر ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی داهێنانێکی ڕۆژئاوایه، بۆ هەڵتەکاندنی جیهانی یەکگرتوو و بەهێز و پیرۆزی ئیسلام ... چۆن پەسەندی دەکەن..

که کراوه واته بۆ خۆت رحمان الرحیم و بۆ خەڵکی تر شیطان لعین. دەمێنێتەوە بڵێم گەلێ ڕۆڵەی زانا و تێکۆشەری کوردی موسڵمانمان هەبوون و هەن، بۆ کورد و کورجستان گیانی خۆیان بەخشیوە.مەلا مەعشوق خەزنەوی بە نموونە...

عێراقچێتی لە ڕوانگەی مارکسایەتی و ماوێتی « چەپ و کۆمۆنیستەکان» ەوە :
ئیمپریالیزم دوا پلەی گەشەسەندنی سەرایەدارییە و دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە رۆئاواییەکان، چەوسێنەر و خوێنمژ و دکتاتۆر و دژی ئازادی و چینی کرێکار و سۆسیالیزمن .
مارکسییەکی کورد نیە نەزانێ ، پەیمانی سایکس پیکۆ یەکەم مۆری هەردوو دەسەڵاتی کۆلۆنیالی ئینگلیزی و فەرەنسی پێوە دیارە. ئەم پەیمانە هێڵە گشتییەکانی ستراتیژی ئینگلیز و فەرەنسای تێدا بەرجەستە بووە و پاشانیش ئەمەریکا بەری رەنجی ئەوانی چنییەوە و بووە خاوەنی زۆری سیاسەتەکانی دوو دەوڵەتی ناوبراو، کە بەنموونە بە مامانی عێراق و زۆر دەوڵەتۆکەی تری دەڤەرەکە دادەنرێن...
بەم شێوەیە پرسیارێ خۆی دەسەپێنێ و لە مێشکمان دا دەزرنگێتەوە: بۆچی داکۆکی لە سنوورەکانی ئەم دەوڵەت و چوارچێوەی یاساییەی ناونراوە عێراق، بەلای مارکسییەکانەوە ستراتیژی خەبات بوو؟؟. بۆ دەیانویست کورد بکەنە کرێکار و لەگەڵ هی عەرەبدا یەکی پێبگرن و خەباتی سەرتاسەری لە عێراق دا بکەن ؟ بۆ کوردستانی بوون تاوان و دواکەوتوویی بوو؟ئاخر نەیاندەزانی هەر سیاسەتێ لە پێناوی پاراستنی ئەم قەوارە دەستکردەدا دەکاتە خزمەتی بێ چەندوچوونی هێزە جیهانخۆرەکان. ئەم دەستەیە لەگەڵ خەباتی گەلانی هەموو دنیادا بوون لەدژی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و زایۆنیزم، جگە لەخەباتی ڕەوای کوردستانی کورد.
شایانی ئاماژە پێدانە لەم دەستە و تاقمەش دا، کەسانی کوردستانی زۆرمان هەبووەو هەیە، کە بە ڕێبازی خۆیان تێکۆشاون بۆ سەربەخۆیی کوردستان و تا ئێستاش زۆریان هەر لە سەنگەردان.شێخ شەهاب و مەزڵوم دۆغان وەک نموونە.
عێراقچێتی لەڕوانگەی مۆدێرنێتییەوە.
مۆدێرنێتی کە زرینگەی لەگوێی گەلێ کەسدا خۆش دێت، یەکێکی ترە لەئامرازەکانی دەستی هێزە کۆلۆنیالتستەکانی جیهان، بۆ گەیشتنە مەرامە

گلاوە نامرۆڤایەتییەکانیان...لە ڕێی مۆدێنێتەوە بۆ دروستکردنی نەتەوە و کولتوور و دەوڵەتی نەتەوەیی یەکشوناس لەسەر هەژماری زمان و کولتوور و نیشتمان و جەستەی نەتەوە و کولتوور و خاکی تر داهێنا و پەیڕەو کرد .
عێراق لەڕێی زاڵبوون و سەپاندنی ناسنامەی عەرەبی بەسەریدا، یەک پارچە بۆتە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی و لە نێو چوارچێوەی نەخشەی سیاسی عەرەبدایە. ئەودەسەڵات و هێزە چاوچنۆکانەی لە پشت مۆدێرنێتەوە وەستاون، بە هەموو توانایەکیان داکۆکی لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن وەک بازاڕ و جێ نفوزی سەربازی و سیاسی خۆیان ، ڕێگە نادەن پارچە پارچەبێت. هەر دوێنێ نزیک بوو هەموو لە بیرمانە ، بە کورد و کێشە ڕەواکەی دەووترا دۆزەکەتان «کێشەی ناوخۆیی» ییە . لە کاتێکدا چ ڕۆژئاوا و چ ڕۆژهەڵات بە دوا چەکی قڕکەر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو یارمەتی حکومەتی ناوەندیان دەدا .
کەواتە ئەو داوایە لە ژێر ناوی مۆدێرنێتیدا لە کورد دەکرێ، خۆی بدات بەدەستەوە چونکە کار لە کار ترازاوە و هێزە زەبەلاحەکان لەسەر شێواز و فۆڕمی سیستەمی سیاسی جیهانی پێکهاتوون، ئیدی نەخشەی جیهان ناگۆڕێ و پێویستە ئێوەش مل بدەن .، چونکە چ دەرەتانێ بۆ کورد نەماوە، هەردەبێت بێتە عێراقی و دەستبەرداری مافەنەتەوەیی و مێژووییەکانی خۆی بێت.
هەر داکۆکییەک لە عێراق لەژێر ناوی مۆدێرنێتیدا ، دەکاتە عێراقچێتی و ئاماژەمان بەوە داوە، کەعێراقچێتیکردن خزمەتە بە هێزی بێگانەی ئەهریمەنی و ئەوەی پێی دەوترێ ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم.

عێراقچێتی لە ڕوانگەی کوردایەتیشەوە:
ئەوە جگە لەوەی عێراچێتی بەتاوان و ناپاکی دادەنرێ، لە نموونەدا ڕێک دەکاتە ئەوەی کەسێک بیەوێ باوک و دایکی خۆی بکوژێ و بسڕێتەوە و باوەپیارە و باوەژنی بخاتە جێی ئەوان.. تۆ لەبری هەڵگری هەموو بنەما و مۆرک و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆت بیت و ناسنامەی کوردستانیت لە باخەڵدا بێت، دەبێت واز لە هەموویان بهێنیت و خۆت بکەیتە عێراقی و تورکیایی و ئێرانی و سووری. خۆت لە هەموو بەهایەکی کوردبوون داماڵەخاس بکەیت و خۆت بدەیت بەدەم شەپۆلی نێرجسێتی ئایین و

ئایدۆلۆژیا و کۆسمۆپۆلێتییەوە...دەنا داگیرکەرچێتی بە کەس هەرس ناکرێ..
کەواتە لۆمەی توند و گەورەی ئێمە ، بە پلەی سەرەکی ئەو هێز و کەسانە دەگرێتەوە، کە بانگاشە بۆ عێراقی بوون دەکەن و بەغدای تاوان دەکەنە، قیبلەی ئاواتەکانیان و سەرسەختانە داکۆکی لە سنوورە دەستکردەکانی مامە ئینگلیزی گڵاو و ئیمپریالیزمی جیهانی دەکەن...

دەرئەنجام گەشتینە ئەوەی بڵێین، هەر چوار ئاراستەکە، بە عێراقچێتییەکەیانەوە، جۆگەلەی بیر و خەبات و هەوڵیان، دەرژێتە ناو ئەستێڵکی عێراقەوە. ئەمەش گەورەترین تاوان و ناهەقییە بە شێوازی جیاواز جیاواز ، بەرامبەر بە پرسی کورد لەژێر دەمامکی ناکوردستانی دەکرێت .
ئۆباڵی بە لارێدا بردنی ویست و خواستەکانی نەتەوەی کورد و شێواندنی راستییە مێژوویی و نەتەوەییەکان و بە فیرۆدانی وزە و توانا و تێکۆشانی رۆڵەکانی بۆ عێراقچێتی ، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو قوتابخانە و مامۆستا و حیزب و سەرکردانەوە، کە رۆڵیان لە برەودان بەم رێبازە چڵکن و نەگریسەی داگیرکەرچێتییەدا هەبووە و تا ئێستاش هەیە.
ئاخر ئەم راستییە بەڵگەنەویستانەیە، وامان لێ دەکات ، بڵێین : عێراقچێتی/ داگیرکەرچێتی سیفەتێکی نیمچە ناپاکییە بەرامبەر بە کوردستانچێتی و مێژووی قوربانی و تێکۆشانی کورد، بەردەوام نەفرەتی خەستی لێ دەکات.
دیارە تورکیاچێتی و ئێرانچێتی و سووریاچێتی، بە هەمان خوێندنەوە و پێوانە روو رەشترو بێ ماناترن لە عێراقچێتیی.

---

+کركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير د. كمال .مظهر احمد